# مێژووی نووسراو ، مێژووی نەوتراوو


## رزگار عومەر

rezgar70ca@yahoo.com


زۆربەی مێژوو نوسان لەو بڕوایەن ، (( کە هەمیشە بەشێکی دەست لێ نەدراوی مێژوو هەیە ، کە یەکێك پەیدا دەبێ و دەینووسێتەوە )) ، نووسینەوەی ئەو بەشە تازانە ، زۆر جار دەقە کۆنەکانی پێش خۆی دەدەتە بەر ڕەخنەو سەر لە نوێ دەینووسێتەوە ، دەست بردن بۆ ئەم میکانیزمەی زانستی مێژوو ، تا ئێستا دوولایەنی هەبووە ، یەکەم ئەوەیە کە زۆربەی حوکمە موتڵەقەکان و دیکتاتۆرەکان ، چەمکی سەر لە نوێ نووسینەوە دەکەنە واجبی مێژونووسانی ژێر دەسەڵاتەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی لەم کرداری نووسینە ، سەردەمی زێڕینی وولات ، هەمووی لە وێنە پۆزەتیڤەکانی دەسەلات بنووسرێتەوەو بناسرێتەوە .

ڕووی دووەمی ئەم میکانیزمە ، نووسینەوەی مێژووە ، بۆ تەواو کردنی ئامانجەکانی بزوتنەوەیەکی سیاسی دیاری کراو ، یان بۆ دەرخستنی ڕاستی تری گەورەی پەنای دەقە سەلمێنراوەکان ، کە لە بەر هەر هۆیەك بووبێ ، سیاسی ، ترس لە باجی ئەم نووسینەوەیە ، تەکنیکی لە بارەی سەپۆرت کردنی مادی و مەعنەوی بۆ ئەو کەسانەوەی دەیانەوێ پرۆژەی تری تازە ئامادە بکەن، ڕێگری لە پێشەو وەکو مێژوویەکی نەوتراوو قەتیس ماوەتەوە . لەم بارەیەوە شەڕی جیهانی دووەم ، سەرکەوتنی فاشیزم و ڕووخانی هەمیشە ، لێکۆڵینەوەی تازەی لە سەر دەنووسرێتەوە ، بۆنموونە هەموو دەزانیین کە لە سەردەمی هیتلەردا لە ئەڵمانیا ، هیچ کەسێکی ئەڵمانی نەیدەتوانی لە گەڵ کەسێکی تری غەیرە ئاری جووت بێ ، کەس ناکۆکی نیە کە ئەم جۆرە لە سیستەمی کۆمەلایەتی ، ئەم جۆرە یاسایە چ گورزێکی کوشندەی دا لە شارستانیەت و لە مرۆڤایەتی ، تا ئێرە ڕووی یەکەمی ئەو مێژووە نووسراوە ڕەسمیەی کە زیاتر وەکو سەنەد مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ ، لە ناسینەوەی سەرهەڵدان و لە ناوچوونی دیاردەی فاشیزم ، دەبێتە مێژووی نووسراوی بەڵگەنەویست .

بەلام ڕووەکەی تری بریتیە ، لەو هەڵ و مەرجەی کە یارمەتی بە هێزکردن و سەقامگیر کردنی دەسەلاتی هیتلەری دا ، کەمتر یان هیچ ئیشارەتێکی پێ نادرێ ، بۆ نموونە ئەو ڕێکەوتنانەی کە ئەو توانی لە گەڵ کەنیسەی ئەڵمانی سازی بدا ، کۆمەکیەکی زۆری بە پرۆژەی دەسەلاتی ئەو کرد ، چونکە ئەو دەمە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی لە ژێر باڵی کۆنسێرڤەتیڤی کەنیسەدا کۆببونەوە ، هیتلەر بە ڕێکەوتن لە گەڵ پیاوە ئاینیەکانی کەنیسە توانی کاریگەری لە سەر ڕای گشتی دابنێ . گۆشەیەکی تری کۆمەکی بە ستراتیژی داگیر کردنی سەربازی کرد لە پلانەکانی هیتلەردا ، ئەو سەردانە نهێنیە بوو ، کە ئەو پێش شەڕ بۆ ڕوسیای کردوو لەوێ لە گەڵ ستالین ، لە سەر جۆرێك لە ڕێکەوتنی سەربازی بە ئەنجام گەیشتن بۆ دابەش کردنی ئەورووپای ڕۆژهەلات .

لەدوای ڕووخانی فاشیزم و وێران کردنی شاری بەرلین ، ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە پێشبڕکێیەکی گەورەدابوون بۆ پاوان کردنی گەورە ئەفسەرانی دەزگا جاسوسیەکانی هیتلەر ، کە مەرجی تەسلیم نەکردنیان بۆدادگای لاهای ئەوەبوو کە دەبوایە لەمەودوا بۆ ئەوان ئیش بکەن ، ئەم ڕاوکردن و پێشبڕکێیە هەموو زاناکانی دەگرتەوە ،زۆربەی ئەو زانایانەی کە دەوری ڕاستەوخۆیان هەبوو لە بینا کردنی تەکنەلۆژیای سەربازی بۆ هیتلەر ، گوازرانەوە بۆ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ، بە تایبەتی زاناکانی ڕۆکێت دروست کردن بەر ئەمریکا کەوتن ، هەندێکیان تا خانە نشین بوون لە بەرزترین پۆستەکانی ( NASA ) ژیانیان بەسەربرد ، لە کاتێکدا دەبوایە بە هۆی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی زۆریەیان لە تاوانەکانی کۆمەڵ کوژیدا دەبوایە لە بەندیخانەکانی لاهای ژیان بەسەربن .

ئەو نیعمەتەی بەر کۆنە ئەفسەرانی دەزگا جاسوسیەکان و زانا ئەڵمانیە فاشیستەکان کەوت هەموو کەسێك لێ ی بە هرەمەند نەبوو ، بۆ هێندێك ببووە دەردەسەریەکی گەورە ، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ئەنجام دابێ ، بۆنموونە ئەو ئافرەتانەی لە فەرەنسا کە لە بەرهەر هۆیەك پەیوەندی سێکسیان لە گەڵ سەربازەکانی ئەڵمانیا هەبووبێت ، لە دوای ئازاد کردنی پاریس

به تونترين شێوه سزا دەدران ،كه نەرمترين سزايان بريتی بوو ، سەرتاشينی ئەو ئافرەتانه له بەردەم هەزارن خەڵكدا ، كه يەكێ به تف يەكێ به پێڵاو دەم چاويانی دەكوتا .
له وولاتی نەرويجيش كه شانازيەكی زۆر به سيكۆلار بوونی وولات دەكا ، له دوای تەوابوونی شەڕ نزيكەی 10 هەزار منداڵی له دايك بووی نەرويج ، كه دايكەكانيان نەرويجی بوون باوكەكانيان سەربازانی ئەڵمانی بوون ، دوای ڕووخانی فاشيزم و نەمانی سوپای ئەڵمانيا له نەرويج ، دەسەڵاتدارانی نەرويج و ڕای گشتی ، به چاوێكی زۆر نزمەوە سەيری ئەو منداڵەنەيان دەكرد ، دايكەكانيان زۆربەيان خۆيان دەشاردەوە ، ئەو منداڵانەش سەڕای ئەوەی له سەر خاكی نەرويج له دايك ببون ، سەڕای ئەوەی ساغ و سەلامەت بوون ، بەڵام هەموويان له شێتخانەكان كۆكردبوونەوە ، دەيانووت ئەمانه خەتەرن خوێنی ئەلمانيا له گيانيان دايه گەورە بن دەبنه فاشيست ، زۆر لەو منداڵانه كه خێزانێك دەهات دانەيەكی هەڵدەبژارد و دەيانبرد بۆ لای خۆيان ، له وێ تووشی دەيان دەردەسەری و سوكايەتی و تێهەڵدان دەبوون ، زۆربەی كچەكان له پاڵ تێهەڵدانيشا دەستدرێژی سێكسيشيان دەكرايه سەر ، ئەو منداڵانه ، زۆربەيان له ناوچوون بێ ئەوەی چيرۆكەكانی پڕ له سوكايەتی ژيانی خۆيان بۆ كەسێك بگێڕنەوە ، ئێستا ژمارەيەكی كەميان ماون له ژيانا پيرو پەكەوتەن ، دەيانەوێ له ڕێگای ياساوە حكومەتی نەرويجی سوو بكەن ، حكومەتيش له ڕێگای دادگاوە دەيەوێ خۆی لەم بەرپرسياريەتەی مێژووی نەوتراوە بدزێتەوە ، دادگا دەڵێ ئەم كەيسه كۆنه ساڵ به ساڵ تەئجيلی دەكا ، دادگا چاوەڕێ ئەوەيه ئەوانەی تا ئێستا لەم منداڵانه له تەمەن ماون بمرن و به يەكجاری ئەم دەردەسەريه و ئەم فايله پڕ له خەجاڵەتە ببڕێتەوە !!